**سیره: ١٦**

بسم الله الرحمن الرحيم

له خزمەتی لەو فەترەیە ژیاین کە فەترەی قەلەقی و ئیضطیراری بوو، حالەی نەفسی مورتاح نەبوو لە مەفهومی نوبووەت، لەو لەحضەیەوە لەگەری لە خزمەتی بووین هەتا فەترەی تەثبیت و تەطمینی قەلبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەلایەن (رب العالمین)ەوە ئەویش بەئیحائاتی تە ثبیتی و تەطمینی.

ئەورۆ إن شاءالله عینوانی دەرسمان فەترەی بەعدی وەحی و نوبووەتە وە ئیعداد لە بۆ فەترەی ڕیسالەت، بزانین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو فەترەیەی چی کردیە و بە چ مەشغول بووە؟ مومارەساتی چ بووە؟ عیلاقە و تەوصیلی ئەو دینەی جاریێ لە ناو داخیلی خۆی قەناعەتی خۆی پاشان لە بۆ ئەو دەوائیرانەی کە لە دەورینە، تەوصیل و تەبلیغی ئەو دینەی وفقی مەفهومی نوبووەت پێشی ڕیسالەت.

پێشتریێ بەحسی دوو دەرس پێش ئێستا تەفریقی بە ینی نوبووەت و ڕیسالەتمان کرد، دوو مەفهومە لە ناویەك، یەکیان لە یەکی واسیعترە.

نبووەت ئەوە بوو ئینسان ئیختیار دەکریێ لەلایەن رب العالمین ەوە بەس لە بۆ خۆی و دائیرە و حەلەقەکی ضەییق، بازنەکی تەسك، خزم و ناسیارو ئەقاریبی خۆی، یاخود ئائەو گوندەی ئەومەنطیقەیەی لێیە بێ ئەوەی ئەمری پێ کرابی ئائەو مەفهومە ئەو مەنطوقە دینیە نەقل کا لە بۆ غەیری خۆی، ئەنبیائیش زۆرن لە تاریخی ئیسلامی.

ئەمما ڕیسالەت ئەوەیە باری تەعالا کە دێ ئیختیاری ئەو ئینسانە دەکا، لە عەینی وەقت دەشیکاتە مەسئول لەو زەمان و لەو مەکانەی کە ئەو ئینسانە تێیدا مەوجودە، وە ڕیسالەکیشی دەداتێ، گچکە یان گەورە، ئەغلەبی ڕیسالەکان مەربوط بووە بە زەمان بە مەکان، بەس ڕیسالەی محمد نەبی کەمەربوطە بە کەون لەگەر ئیطلاقی زەمان هەتا رۆژی قیامەت، بەوەی گوترایە رەسول بەوانی پێشتریش گوترایە نەبی.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە هۆردوو فەترە داچووە، فەترەی یەکەم مەرحەلەی ئیعلامە کە نوبووەتە، پاشی ئەو نوبووەتەی ئیعداد کرایە لە بۆ مستەوای ڕیسالەت، نوبووەتیش مەرحەلەتەکی مەدرەسی بووە تەعلیمی بووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم رەفع کا لە بۆ مستەوای ڕیسالەت.

لەو بەینە حالە قەلیقیەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تێیدا مەوجود بووە بەینی فەترەی نبووەت و ڕیسالەت بەعضە شت رویدایە لەوانیش:

باری تەعالا کە مولاحەضەی حالی پێغەمبەر دەکا صلی الله علیه وسلم لە ئاسمانەوە ئیعدادی ئیمانی بەنسبەت محمد، لە عاردیشەوە مومارەسەی ئیمانی بە نسبەت محمد، لە ئاسمانەوە ئەو حالەتە ئەو مستەوایە لە بۆی دروست دەکرێ نەقل دەکرێ لە بۆ عارد، کەفیلەك هەیە وەکیلەك هەیە لە سەر عارد ئەویش رەسولەك مەلائیکی حەزرەتی میکائیل پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەعلیم و تەفهیم دەکا لە بۆ ئائەو مستەوا موستەقبەلییەی کە دەبی بیگاتێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەویش مستەوای ڕیسالەتە، خصوصیەتی مستەوای پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەگەر ڕەسائیلی دی، یاخود دەبی پێغەمبەر لە مستەوای رەسولیەتەکی موعەییەن بی موختەلیفە لەگەر ڕیسالاتی سابق.

ئەوەلەن: ئەو کتابەی کە لە بۆی دێ کتابەکەی ئیجمالی هەموو کوتوبە لە ئادەمەوە هەتا ذاتی خۆی، هەرچی ئیجابییاتی کیتابی سابیق هەیە لە صوحوفی ئادەمەوە پاشان ئەوجە ئەو کتابانەی کە لە قوڕئان ذیکر کرابن وەکو تەوڕات، وەکو ئینجیل، وەکو زەبوڕ، وەکو صوحوف، ئەوە هەمووی دەبی لە ناو قوڕئان مەوجودبی.

ئیذەن ئیعدادی پێغەمبەر لە مستەوای ڕیسالەت کەڕیسالە کەکیتاب کە ناوی قوڕئان بوو یا موصحەف یا ذکر إلی آخره لە قوڕئان بەناوی بە بیست و قسور ناو هاتیە قوڕئان، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە عەقلی لە فەهمی لە ئیدراکی لە مستەوای ئائەو کیتابەی بی، مەثەلەن: باری تەعالا حەزرەتی موسا ئیعداد دەکا لە بۆ مستەوای تەوڕات، عیسا ئیعداد دەکا لە بۆ مستەوای ئینجیل، ئیبراهیم ئیعداد دەکا لە بۆ مستەوای صوحوفی خۆی، داود ئیعداد دەکا لە بۆ مستەوای زەبوڕ، محمد کە ئەو کتابانە هەمووی بالإجماع لەبۆی دێ دەبی لە مستەوای هەموویان بی، فەوقیش، ئەوە ئیعدادی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە بۆ مستەوای ئەو ڕیسالەتەی کە لە بۆی دێ.

دووەم: دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیسان لە سەر مستەوای بەشەری قابیلییەتی ئیحتیکاك و قابیلییەتی عەطاء و تەبلیغ و تەفهیم و ئیقامەی حوجەی ئەو هەموو بەشەرانە ببی کە لە قەومی نوحەوە مایە، حەزرەتی داود زەبوڕی لە سەر تەطبیق کردینە، حەزرەتی موسا تەوڕاتی لە سەر تەطبیق کردینە، حەزرەتی عیسا ئینجیلی لە سەر تەطبیق کردینە، ئێستا لە بۆ موحەمەدی مایە ئەو شەڕائیحانە، دەبی محمد ئیمکانیەتی بەشەری خۆی فەوقی ئەو هەموو روسولانەش ببی کە تانیتیان ئەوانە ئیحتیکاك لەگەر ئەو ئینسانانە بکەن، ماددەی ڕەبانی تەقدیم و تەفهیم بکەن.

ئیذەن لە دوو بوعد دەبی محمد صلی الله علیه وسلم لە مستەوای نبووەت رەفع بی لە بۆ مستەوای ڕیسالەت:

یەکەمین: مستەوای قورئان کە تەجمیعە لە بۆ هەموو ئیجابیاتی کوتوبی سابق لە صوحوفی ئادەمەوە هەتتا ئینجیل، هەمووی تەجمیع کرایە بە ناوی قورئان لە لەوحی مەحفوظ هەمووی تەجمیع کرایە، هەمووی ئیجابیات کوشن لە بۆ پێغەمبەری هاتتە خوارێ بە ناوی قورئان، ئەها دەفەرموی لە سورەتی ئەعلا لە ئەخیر ئایەتی سورەتی ئەعلا: (إن هذا لفي الصحف الأولى صحف إبراهيم وموسى (الأعلى ١٨و١٩)، هەمووی تەجمیع کرایە، ئیجابیات لە ناو ئائەو کتابەی کە لە سەر پێغەمبەری هاتتە خوارێ بە ناوی قورئان لە مستەوای هەموو کتابەکانە، یاخود تەجمیعی خەیری هەموو کتابەکانە، طەبعەن هەر کیتابەك خصوصییەتی خاصی هۆی هەبووە.

رەسولەکە کە ئیعداد کرایە لە مستەوای ئەو ڕیسالەیەی ئیعداد کرایە، مەثەلەن حەزرەتی موسا وەکو گوتمان لەو مستەوایەی، عیسا لەو مستەوایەی، داود لەو مستەوایەی، سولەیمان لەو مستەوایە، ئیبراهیم لەو مستەوایە، قورئان فەوقی هەموویانە، ئیذەن دەبی کابرای رەسول فەوقی ئائەو رەسولانە بی، پاشانیش ئەو هەموو شەرائیحە ئیجتماعیە ئینسانیانە دەمینێن بە میرات پاشی ئەنبیاء و روسولی خۆیان، وەکو جو ئەوانە هەموو تەبەعەی حەزرەتی موسای بووینە، بە تەورات ئەوانە بووینە موئمین، بەئیحتیکاکی حەزرەتی موسا و بە موصارەعەی حەزرەتی موسا و حەزرەتی هارون ئەوجە جەمعەکیان بوونە موئمین، لە قورئان طەبعەن لە سورەتی بە قەرەوە دەست پێ دەکا صیفاتی یەهود تێیدا مەوجودە بە ئیجابی و بە سلبی.

پاشان کە حەزرەتی عیسا دێ هەر نەفسی ئەو جەمعەیە رەسولە لە بۆ ئەو جەمعەی ئەو مەجموعەیەی: (ولأحل لكم بعض الذي حرم عليكم وجئتكم بآية من ربكم) (آل عمران ٥٠) ئایەتەکە چ بوو؟ ئینجیل، ئیذەن حەزرەتی عیسا ئیعداد دەکرێ لە بۆ ئەو مەرحەلە باقییەی کە پاشی حەزرەتی موسا دێ، ئیستیلامی وەظیفی خۆی دەکا، حەزرەتی عیسا خاص دروست کرایە لە بۆ ئەو مستەوایەی، ئەمما کە پێغەمبەر دێ صلى الله عليه وسلم دەبی ئیمکانییەتی بەشەری لە بۆ تەبلیغ دیسان، لە بۆ تەفهیم، لە بۆ ئیقامەی حوجە دینی لە مستەوای ئەو هەموو پێغەمبەرانە بی بەشەرییەن، هەردوو موهیمە.

ئیذەن ئێستا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە فەترەی نبووەتە ئیعداد دەکرێ لە بۆ ریسالە جوهدەکی زۆر دەبی لە سەری صەرف بکرێ، ئەویش چییە؟ لۆیێ باری تەعالا حەزرەتی میکائیل کە مەلائیکەتە بە موعەللیم بە مورشید دەنێری لە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، لۆوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فیعلەن ئەو دەورەیەی کە لە بۆی دانرایە فەترەی نبووەت نەقل ببی لە بۆ مستەوای ڕیسالەت، بە ئیمتیاز دەرەجە بینی، فیعلەن لائیقی ئەو مستەوایەی بی، بتانی قائیم بی لە بۆ

ئەدائی دەوری موهیمەی ڕیساله له بۆ هەموو بەشەرییەت له سەر کوڕەی ئەرض وه هەتا بەشەر مابی له سەر کوڕەی ئەرض.

دووشته: یەك له بۆ مەکان، دووەم له بۆ زەمان، زەمانەکه بالإطلاق هەتا بەشەر هەتا دنیا مایه محمد دەبی ببته رەسول، ئیذەن ئەوطاقەیەی محمد دەبی بیدرێتی مستەوای هەموو زەمانەکەی بی، هەموو ئینسانەك له هەر زەمانەك ئیحتیاجی به ئیمان بوو ئیتیصالی به موحەمەدی کرد محمد شەحنی کا به ئیمان، بیگەینته مستەوای رضوان الله، له عەینی وەقتیش له بۆ هەموو کوڕەی ئەرض، هەموو بەشەر، له هەموو نەوعی بەشەریش بشیرا للناس کافة هەموو ئینسانەك، (ولتنذر أم القرى ومن حولها)(الأنعام ٩٢)، دەوائیر دەوائیر کوڕەی ئەرض گەورەتر دەبی، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو فەترەیه توشی بەعضه حالات حالاتی نەفسی، توشی بەعضه شەپۆلی نەفسی دەبی، باری تەعالا دێ تەفضیل و تەکریمی دەکا چونکی مەدرەسەی ئیعداده.

بەعضه لەقەطات قەطع دەکەین له سورەتی (ألم نشرح لك صدرك)(الشرح ١) که باری تەعالا کو ئیعدادی دەکا.

سێ چار دەرس پێشی ئێستا بەحسی قاعیدەی ئیمانیمان کرد له قورئان، که قورئان سوڕەتی إقرأ، پاشان سوڕەتی (سبح اسم ربك الأعلى)(الأعلى١)، پاشان سووەڕیتکه، موززەمیل، ئەوانه قەواعیدی تەثبیتی ئیمانیان تێدایه که لەگە ئیمانی فیطڕی سەرجاده و ناو بازاڕ موختەلیفه، هەر کەسەك بیەوێ ئیمانی وەکو ئیمانی صەحابه بی دەبی به عەینی تەجروبەدا بڕوا لۆیێ ناومان نا قاعیده، قاعیدەی وەرگرتنی ئیمان، گوتمان ئیمان ماست نییه به سەر شانی ئینسانی شۆڕببی، ئیمان قەواعیدی خاصی خۆی هەیه دەبی وفقی ئەو قەواعیدەی وەربگیرێ، ئیمتیصاص بکرێ، پاشان ئینسان موممارەسەی له سەر بکا ئەوجه پێی دەگوترێ موئمین، هەر کابرایەکی حي الله هەستا پێوه گۆتی ئەمن موئمینم ئەمن موسڵمانم ئەوها نییه.

دینی مه دینەکه مەفهوم وەردەگیرێ، موممارەسەی پێ دەکرێ، مستەوای ئینسان له بوعدی ئینسانی بەرز دەبی ئەوجه رب العالمین دێ تەدەخول دەکا، ئیضافاتی له سەر داوێ، سەبر سەبر ئەو ئیمانه برند دەبی، ئەخذ و عەطائه به ینی عەبد لەگەر (الله)ی، هەتا ئەو موممارەسەیه نەکرێ ئەو ئیمانه له بوعدی فیطڕەی دەمینێ، لۆیێ ئەغلەبی مه زۆر جار توشی گوناهان دەبین زۆر جار توشی تەقصیرات دەبین، لۆ؟ بەینی مه و بەینی رب العالمین ئیمانەکه ناضیج نییه، ئیمانەکی صەحابییانه نییه، ئیمانەکه عەوامیه، ئەوانه هەموو پێشترێ بەحسمان کردیه.

ئێستا پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم دەبی لە بۆ ئەو مستەوا ئیمانیەی کە بەحسمان کرد لە خۆیەوە هەتا ئەخیر ئینسان لەوجود، وە لە ذاتی خۆیەوە حەلەقە سەبر سەبرە هەتا هەموو ئینسانەك دەبی ئەو ئیمانەی پێ بی، کو پێی بی؟ دەبی مومارەسە بکا، دەبی خۆی ئیعداد بکا بەواسطەی مامۆستاکەی حەزرەتی میکائیل، باری تەعالا لە سورەتی (ألم نشرح) دەفەرمی: (ألم نشرح لك صدرك)(الشرح١)، بە چ دەکرێ ئەو ئینشراحی صەدر؟ بەوەی فیعلەن ئینسانەکە خۆی موستەعید بی بلێ یا ڕەبی ئەوە صەدڕی خۆم، ئەوە سینگی خۆم، ئەوە قەلبی خۆم تەسلیمی تو کرد، ئەتوش عەمەلیاتی لە سەر بکە، ئە بەو نەوعەی دەکرێ، باری تەعالا گۆترە هەرنابژێری، دەبی حەتمەن زەمینە هەبی، ئەسباب هەبی باری تەعالا ئیختیاری ئەو قەلبەی بکا، نەخۆ ئەوەتە صین بە مەلایین ئینسانە هیند بە مەلایین ئینسانە، باری تەعالا لە بەر ڕەشی چاوی مەیە ئەمەی ئیختیار دەکا؟ ئەو ئیختیارییەش بە بەلاش نییە وفقی ئەسبابی موعیەنە، دەفەرمی: (ألم نشرح لك صدرك)، ئەوانە هەموو قانون قانونن.

نوقطەی دووەم: (ووضعنا عنك وزرك الذي أنقض ظهرك)(الشرح٣)، دیارە ثوقلەك هەبووە لە سەر شانی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، باری تەعالا ئەو ثوقلەی لە سەر هەرگرتیە، (ووضعنا عنك وزرك الذي أنقض ظهرك)(الشرح٣)، پشتی کوڕ کردبووی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەملی ماددی هیچی هەر نەگرتیە حەتمەن دەبی حەملی ویزر و تەبەعاتی ئەو جاهیلییەت و ئینحڕافییەتەی کە لە ناو بیئە و موجتەمەعی وی مەوجود بووە، وەك کابرایەکی ئینسان لە قیممەی مواصەفاتی ئینسانی ئیحساسی بەو هەموو ثوقلەی کردیە.

لۆیێ دەرسی پێشتری گوتمان مەجموعە نەیاشین هەبوو، ئەوسیمە، حەزرەتی خەدیجە دایبوویە پێغەمبەری بێ ئەوەی پێغەمبەر ئاگای لێ بی، ئائەو پێنج ویسامە (إنك لتصل الرحم و تحمل الكل...... الخ) (رواه البخاری ومسلم)، دیارە فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مومارەساتی ئەو شتانەی کردیە، ئیشی کردیە لەو شتانە لۆیێ بوویتە صیفات تێیدا، حەزرەتی خەدیجە ئائەوانەی هەموو لەقف کردیە لە مێشکی خۆی بە تەقریر داینایە.

ئیذەن ئائەو تەبەعاتە ئەو ئیحتیکاکە ئیجابیەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە ناو موجتەمەع زۆری پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ماندی کردیە، وەکی بارەکی بووە نەفسی لە سەر پشتی، باری تەعالا بە چ لێی هەردەگری؟ لە سەری لادەدا؟ بە نبووەت و ڕیسالەت، لۆ؟ خۆی باری تەعالا دێ ئەو ثوقلەی داوێتە سەر ئەستۆی خۆی دەرێ ئا ئەمن مەسئولم لە توو، وە ئەمنیش مەسئولم لەو ثوقلەی، لەو موجتەمەعەی، لەو بەشەرییەتەی، ئیذەن ئەمن خۆم عەن طەڕیقی توو رب العالمین

دەفەرموی عن طەریقی توو ئەمن ئائەو ثوقلەی ئیزاحە دەکەم، ئەمما ئەوەل جار ثوقلەکە لە سەر شانی توە.

(ووضعنا عنك وزرك الذي أنقض ظهرك)، پاشان: (ورفعنا لك ذكرك فإن مع العسر يسرا إن مع العسر يسرا) (الشرح٤،٥، ٦)، موقەددیماتە، موقەدیمەی لۆ تەقدیم دەکا، هەر عوسرەك یوسری لەگەرە (إن مع العسر يسرا)، مع نالێ بعد (إن مع العسر يسرا)، هەر کە ناخۆشیەك بوو لەگەری خۆشی هەیە، إن مع، هەها إصطحبت معي صديقي، جلست مع، لەگەر یەعنی نەك پشتی، نارێ إن بعد العسري يسرى، (إن مع العسر يسرا)، کە عوسر مەوجود بوو، ناخۆشی مەوجود بوو یوسری لەدوە، یوسری لە گەرە، بالضبط لە تەنیشتیتی، (إن مع العسر يسرا)، ئەوە لۆ کێیە؟ موقەدیمەیە لە بۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، ئا ئەو ناخۆشیەی ئەتوو تێیدابوی ئیمان وەرگری تەقەببولی کەی، ئیمتیصاصیکەی، هەضمی کەی، ئیمان دەبتە یوسر لە بۆ تو، دەبتە خۆشی لە بۆ تو.

ئیذەن هەر وەختەکی ئینسانی موئمین صەحابی کە دێ تەمەشای موجتەمەع دەکا، تەمەشای جاهیلییەتی دەوروبەری خۆی دەکا توشی عوسر دەبی، توشی کەئابە دەبی، توشی ئەزیەتی نەفسی دەبی، ئەمما ئیمانەکە یوسرە، ئیمانەکە دەرمان و مەرهەمە لە بۆی، عیلاج دەکا، ئیمانەکە حالەکی نەفسیە لە ناو داخیلی پاشان ئەوجە تەحویلی دەکا لە بۆ واقیع، (فإن مع العسر يسرا إن مع العسر يسرا).

ئا ئەو دوو مەقطەعەی ئەخیری: (فإذا فرغت فانصب)(الشرح٧) هەر کە مەجالت بوو، فەراغت بوو هەستە، ئەها لە سوڕەتی موززەمیل: (قم الليل)(المزمل٢) هەمووی (إلا قليلا)، لێرەش ئەو هەموو موقەدیماتانە پاشان دەرێ (فإذا فرغت فانصب)، باشە چ بکا؟ (وإلى ربك فارغب)(الشرح٨)، ڕەغبەتت، شەوقت، ذەوقت، ئەحاسیس و مەشاعیرت هەمووی لە بۆ خوای بی، کەینێ؟ هەر کەینێ فەراغت بوو.

چ شتەك لە ذیکری رب العالمين ئەهەمترە لای ئینسانی موئمین و بالأخص لەکن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، لۆیێ خۆی تەفریغ کرد لۆ (رب العالمين)ی کوشن، ئیذەن کوللی وەقتی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم كان منتصبا لله، كان قائما لله، وە خاصصەتەن شەو كان يقوم كل الليل، (يا أيها المزمل قم الليل إلا قليلا) (المزمل ٢،١)، لێرە لە بۆی تەئکید دەکا (فإذا فرغت فانصب، وإلى ربك فارغب) (الشرح ٨،٧)، ئەوە ئیشی بووە.

ئەوجە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەردەستی موستەمڕ، شەوی نەما بوو هەموو شەو دادەنیشت لە بۆ تەفەککوری بەینی خۆی و بەینی مەخلوقات، ئەها قاعیدەی ئیمانی گوتمان یەکەمین جار بەوەی

دەست پێ دەکا: (إقرأ باسم ربك الذي خلق)(العلق١)، پاشان مەرحەلەی دووەمی لە سورەتی موززەمیل ئایەتی حەفتەم: (واذكر اسم ربك)، لێرە: (إقرأ باسم ربك) لە یەکەم، پاشان: (واذكر اسم ربك)، دەگاتە حالەتەك لە سووەڕی بەعدی وەی دەفەرمی: (واذكر ربك)، ئەوە هەمووی ئیعداداتی ئیمانیە، مستەوا متسەوا سەبر سەبر برندی دەکا لە بۆ فیعلەن ببتە: (واذكر ربك)، نەك: (اسم ربك)، (اسم ربك) یەعنی ئەفعال و ئەسمائی رب العالمین ذیکر دەکا، ئەمما دێتە حالەتەك هەرچی مادده و مەخلوقاتە لە پێش پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئیزاحە دەبی، بەس الله ذاتەن دەمینێ، وفقی ئەسمائی خۆی بەس، ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەس بە رب العالمین مەشغول دەبی، بە چ دەبی وەی لێبێ؟ (فإذا فرغت فانصب، وإلی ربك فارغب)،

ئا ئەو حالەتە ئیعدادە لە بۆ تەقەمموصی وەگرتنی حالەتەکی حەقیقی لە ناو داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پاشان دەبتە دینەمۆی ئیمان لە بۆ هەموو وجود، دەبی ئەو ئیمانەی کە ئەو ئینسانە پێی بی موقارەنەتەن لەگەر هەموو بەشەر لە سەر وجود بەقەد هەموو زیاتری پێبی، لۆیێ دەبی ئەو جوهدەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە سەر خۆی صەرفی دەکا بە شەو هەستان بە ذیکر کردنی رب العالمین بەشکل دائیم دەبی جوهدەکی زۆربی، وە ئەو مامۆستایەش کەدێ تەعلیم و تەبلیغی دەکا، تەفهیمی دەکا، کە ئەو مەلائیکەتە بوو ئەویش دەبی جوهدەکی زۆر لەگەری صەرف کا، لۆیێ سێ سالی رەبەق ئا ئەو مەلائیکەتە لەگەری بووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوی وەرگرتیە تەحویلی کردیە لە بۆ واقیع.

زۆر لەگەر خۆی مەشغول بووە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، فیعلەن ئا ئەو قەلبەی کە باری تەعالا تەشریحی دەکا (ألم نشرح لك صدرك) ئینشیراحی داوێتە ناو قەلبی، پێشترێش کەلیمەی تەشریح طەبعەن عەمەلیاتی جیراحی لە بۆ کرا دووجار لە عومری چار ساری، چار سال بوو عومری، پاشان پێشی وەحی بە فەترەکی کەم قەلبی عەمەلیات کرا، دریان دەرهینا، دەکاتیرەی خاص رەببانی ئا ئەو ئیعدادە بەدەنیە ماددیە لە قەلبی دەبی دروست بکرێ لە بۆ مەفهومی ریسالەت، لە قەلبی دابنێن، چونکی پێشترێ بەحسمان کرد لە دەرسی وەحی باری تەعالا خۆی دەفەرمی: (إنا سنلقي عليك قولا ثقيلا)(المزمل ٥)، یان دەفەرمی: (لو أنزلنا هذا القرآن على جبل لرأيته خاشعا متصدعا من خشية الله) (الحشر٢١)، ئیذەن ئەگەر ئەو چیایە خۆی پێ رانەگیرێ بەرامبەر ئایاتی رب العالمین، دەبی قەلبی موحەممەدی لەو چیایانە توندتربی، لەو چیایانە بە قوەتتر بی، هەتا بتانی تەحەمولی ئەم قەولە ثەقیلە بکا ئەویش قورئانە.

ئەو قورئانەی کە ئێستا لەکنەمەیە صەراحەتەن نەظرەی مە لە بۆی نەظرەکی مادديە، نەضرەك وەکو کابرای حاشاکی مزگەفت و مەجليس کابرای نەزان جاهيل ئەو نەضرەيەی لە بۆ قورئانی هەبی ئەمەش هەر ئەو نەضرەيەمان لە بۆ قورئانی هەيە، عيلمەن قورئان خۆی لە داخيلی خۆی لە ذاتی خۆی حالەتەکی خاصی خۆی هەيە، مەثەلەن ئەحاديث هەيە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە بوخاری و لە موسليم کە سورەتی ئەنعام هاتتە خوارێ هەشتا هەزار مەلائيکەت دەيهينتە خوارێ، حەتمەن ئا ئەو قورئانە دەبی ثوقلی هەبووبی، کەليماتی قورئانی بەو نەوعەی نييە ئێستا ئەمە تەحەمولی دەکەين و ئيعتيباری لە بۆ دادەنێين، قورئان شتەکيتکەيە، حەييە، لۆيێ باری تەعالا دەفەرمی: (لو أنزلنا هذا القرآن على جبل)(الحشر٢١)

حەتتا کە لە سورەتيتکە لە ئاياتيتکە دەفەرمی: (إنا نحن نزلنا الذكر) (الحجر٩)، تەنزيل ئەگەر رب العالمين بە ئەلطافی خۆی بە رەحەماتی خۆی ئەو قورئانەی تەنزيل نەکردبا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی تەحەمول نەدەکرا، لۆيێ هەر وەختەك وەحی لە بۆ پێغەمبەر هاتبی پێغەمبەر ئيحساسی بە ثوقل کرديە، نەك ماعەدای خۆی دەوروبەريشی، صەحابەکانيش ئيحساسيان بە ثوقل کرديە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حەجمی گران بووە بەدەنی گران بووە.

مەثەلەن ئەو صەحابيە کە بەحس دەکا دەرێ لاقم کەتبووە بن رانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، لە ئەثنای وەحی قيچەك مابوو لاقم بشکێ، يان لە ئەثنای نزولی سورەتی ئەعراف پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە سەر داببە بوو، لە سەر حەيوان بوو، حەيوانەکە کەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتە خوارێ، يان شکلی خۆی.

ئيذەن ئا ئەو قورئانە ئەگەر هاتو قەلب هەبی، قەلبی حەی هەبی، موستەعيد بی لە بۆ تەنزيلی رەبانی لە سەر، ئيستيعدادی هەبی لە بۆ تەنزيلی نەوعی موحەمەدی لە بۆ ئەو قەلبەی، ئەو قەلبە وەکی قەلبی موحەمەدی ئەو قورئانەی ئيمتصاص دەکا، قەناعەتتان هەبی بەس ئيعدادی دەوێ، ئەو قورئانە کو تەفاعولی کرديە لەگەر قەلبی ئەبوبەکر لەگەر قەلبی هەموو ئينسانەکی ئەوها تەفاعول دەکا نەفسی حەيەوييەتی هەيە، دەرمان نييە ئێکسپايەر بووبی، هەموو زەمەنەك ئەو قورئانە حەييە، لۆيێ دەفەرمی هەر بەو قورئانەی دەفەرمی رب العالمين: (يا أيها الذين آمنوا استجيبوا لله وللرسول إذا دعاكم لما يحييكم واعلموا أن الله يحول بين المرء وقلبه وأنه إليه تحشرون)(الأنفال٢٤)، (إذا دعاكم لما يحييكم) کەليمەکە لە بۆ موئمنينانە، موئمين هەموو زيندينە، ديارە حەتمەن زيندیەکی زينداتيەکی غەيری ئەو زينديايەتيەی هەيە لە قورئان، حەياتەك غەيری ئەو حەياتەی هەيە لە قورئان ئەويش حەياتی ئيمانی.

ئیذەن دەبی قلوبی محمد و قلوبی صەحابە ئیشیان لە سەر کردبی خۆیان، کە ئیشیان لە سەر کرد ئەوجە دێ رب العالمین لێرە وفقی ئەو ئیشکردنەی صەحابە و موحەمەدی قورئان دادەبەزێنی، لە بەر ئەوەی محمد وفقی ئیرادەی ڕەبانی ئیشی لەگەر ئەو قەلبەی خۆی کردیە لۆیێ باری تەعالا وفقی قەلبی محمدی قورئانی لۆ دادەبەزێنی، ئەبوبەکر وفقی قەلبی چەندی پێ کرابی ئیش لە سەر قەلبی خۆی بکا باری تەعالا وفقی قەلبی حەزرەتی ئەبوبکر قورئان دادەبەزێنی، بەواسطەی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم دەیگاتێ، لەمەش هەریەك لە مە بەقەد جوهدی خۆمان ئیش لە سەر قەلبی خۆمان بکەین بە (قم اللیل)، (فإذا فرغت فانصب، وإلی ربك فارغب) بکەین، فیعلەن ئائەو عەطائەی قورئانی زەمانی خۆی لە بۆ صەحابەی بووە نەفسی عەطاء وبە نەفسی کەمم و ئوسلوب باری تەعالا دەداتە مەش.

ئیذەن (ألم نشرح لك صدرك) بەس لە بۆ پێغەمبەری نییە لە بۆ صەحابەشە، (فإذا فرغت فانصب) بەس لە بۆ وان نییە لە بۆ مەشە، لۆیێ هەر لە سوڕەتی موززەمیل لە ئایاتی نیهایەتی کە لە مەدینە دادەبەزی، ئەها باری تەعالا دەفەرمی: (إن ربك یعلم أنك تقوم أدنی من ثلثي اللیل ونصفە وثلثە وطائفة من الذین معك)، (إن ربك یعلم أنك تقوم)، (قم اللیل) ی فەرموو پاشان (وطائفة من الذین معك)، یقومون اللیل معك (والله یقدر اللیل والنهار علم أن لن تحصوە....... إلی أخرە)، ئیذەن قیامەکە بەس لە بۆ پێغەمبەری نەبووە، (أنك تقوم أدنی من ثلثي اللیل ونصفە وثلثە وطائفة من الذین معك)، ئەو واوە (واو المعیة)یە لە بۆ حالە، یەعنی حالی قیامی پێغەمبەر بەس بەتەنێ نەبووە ئیننەما جەمعەکیتکەشی لەگەرهە بووە، ماعەدای پێغەمبەر ئەویش صەحەبەکان بووینە، ئیذەن (ألم نشرح)ەکە لەو قیامەی دەبی، ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەبی فیعلەن ئیعداد بکرێ لە بۆ ئا ئەو دوو موهیمەیە:

موهیمەی جەمعی ئەو هەموو کیتابانە، وەموهیمەی عەطائی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە بۆ ئەو هەموو بەشەریەتەی کە مەوجودە لە سەر کوڕەی ئەرز بە هەموو جالیات.

مەثەلەن: ئێستا صابیئە لە بەغدایێ مەوجودن نەوەی داوود، یەهود مەوجودن خۆتان دەزانن ئەوە دەوڵەتیشیان هەیە، مەسیحیین مەوجودن دەوڵەتیان هەیە لەڤاتیکان، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەبی طاقەی عەطائی لە مستەوای ئەو هەمووانە بی تاك تاك وە (بالإجماع)یش، ئیذەن دەبی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئا ئەو جوهدە لە سەر خۆی صەڕف کا لۆوەی بگاتە ئەو مستەوایە مەطلوبە، تیباعەن باری تەعالا تەعلیم وتەفهیمی پێغەمبەر دەکا صلی الله علیە وسلم.

سورەتی الأعلی بەعضە مەقاطیعی تێدایە لە بیدایەت دەفەرمی: (سبح اسم ربك الأعلی)(الأعلی١)، ئەها گوتمان: (إقرأ باسم ربك) پاشان (واذكر اسم ربك) پاشان (واذكر ربك)، جزئەك (واذكر اسم ربك) (سبح اسم ربك الأعلی)یە، (سبح اسم ربك الأعلی) من هو؟ (الذي خلق فسوی)، (إقرأ باسم ربك)، لێرەش (الذي خلق) گوتمان لەوێ ئەوە مەتنە ئەو ئایەتە لێرە شەڕحی دەكا، سورەتی (سبح اسم ربك الأعلی) تەفسیرە لە بۆ ئەو ئایەتەی (إقرأ)،(إقرأ باسم ربك)، لێرە دەرێ (سبح اسم ربك الأعلی، الذي خلق فسوی، والذي قدر فهدی، والذي أخرج المرعی) ئیستمڕاریەتی دەداتێ (فجعله غثآء أحوی)، ئەوە هەموو لە بۆ كەون دێ یەكسەر موباشەرەتەن لەگەر پێغەمبەری (سنقرؤك فلا تنسی)، ئەها دەمانگۆ (إقرأ باسم ربك) لەگەر مەخلوقاتیتی لێرەش دەفەرموی (سنقرؤك)، پاش ئەو هەموو مەخلوقاتانە (إلا ما شاء الله إنه یعلم الجهر وما یخفی)، پاشان (ونیسرك للیسری)، لە سورەتی (ألم نشرح) فەرمووی (فإن مع العسر یسرا) (الشرح٥)، (إن مع العسر یسرا (الشرح٦)، لێرە دەفەرموی: (ونیسرك للیسری).

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەسییر دەكرا، دەفع دەكرا، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم من حیث یدری أو لایدری (ونیسرك للیسری)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی تەسییر دەكرا لە بۆ چ؟ لە بۆ یوسرا، قیممەی ئەو هەموو یوسرەی ئیمانە وە ئیمانیاتە، وە پۆپ نەتیجە و ثەمەری ئەو هەموو یوسرەی معرفة الله و عبادة الله كما یرید الله، نیسرك لهذه الیسر، ئەوە لە بۆ خۆت بەس؟ نەء، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جەمعی لەدەوربەرە، جەمعەكان كێنە؟

گوتمان حەزرەتی خەدیجە پێشی نوبووەتی پێغەمبەر دەیزانی نەبییە، حەزرەتی خەدیجە پێشی ئەوەی پێغەمبەر ببتە پێغەمبەر حەزرەتی خەدیجە دەیزانی پێغەمبەر پێغەمبەرە، تەوڕاتی لەكن هەبوو، ئەبوبكر نەفسی شت، عیلمەن پێغەمبەر خۆی بە خۆی نازانی كە دەبتە پێغەمبەر، باشە كە بووە پێغەمبەر ئیعلانی وانی كرد حەتمەن ئەوانە ئیمانی پێ دینن، لۆیێ یەكەمین ئینسان كە ئیعلانی تەسلیم بوونی كرد لە بۆ رب العالمین حەزرەتی خەدیجە بوو ڕەزای خوای لێ بی، پاشی وی ئەبوبەكر پاشی وی زەید، ئەوجە تەسلسولی موسڵمان بوونیان لە كوتوبی سییەڕ خیلافات هەیە، پاشان ئەوجە ئیمامی عەلی.

دەلیلمان لە بۆوەی پێغەمبەر جارێ نەبویتە ڕەسول هەر لە فەترەی نوبووەتە چونكی ئەگەر هاتوو ڕیسالەت ڕیسالەتی تەبلیغی بەشەر كرد.

وە بەشەرەكەش ڕەفزی كرد جێی جەهەننەمە، هەر ئینسانەك وە ئەورۆش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەبلیغی ئیمانی كرد ئیمانی ڕەفض كرد عەن علم كافر دەبی، لۆیێ بە حەزرەتی عەلی

دەفەرمی حەزرەتی عەلی دەبینی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەشغولە بە بەعزە شت تەعەببودات چییە مەوضوع؟ دەرێ والله بوویمە پێغەمبەر ئەگەر ئەتوش دەتەوێ خەیری دنیاو ئاخیرەت وەرە ئیمانم پێ بینە، ئیمامی عەلی دەفەرمی لێم گەڕێ چونکی بابم هەیە، طەبعەن ئیمامی عەلی لەکن پێغەمبەری بە خێو دەکرا، بابی دەستی کورت بوو، ئەبو طالب دەستی کورت بوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوەی سەحب کرد لۆ کنە خۆی بە خێوی بکا.

یا دەچییە غاڕ، یان دەردەچی، یان لەگەر ئاگامان لێیە لەگەر چیای قسان دەکەی، یان لەگەر بەردی قسان دەکەی ئەمە نابینین، ئەتوو قسان دەکەی، چییە مەوضوع؟ دەرێی پێغەمبەرم ئەویش ئیمانی پێ دەینێ، طەبعەن عەظیمترین ویسام بە نسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئەوەیە نزیکترین حەلەقات، دەوائیر، ئیجتماعیەن کە لە خۆی نزیك بووبی ئا ئەوانە یەکەمین جار ئیمانی پێ دەینن.

مەخسەدمان لۆ ئەوە ویسامەکی عەضیمە؟ چونکی خێزانی ئینسان یان داك و باب و براو خوشکی ئینسان لە هەموو کەسەك زیاتر ئەو نەفەرەی دەناسن، هەر چ عەیبی هەبی لە پێش چاویانە، ماضی ئەو ئینسانەی لە پێش چاویانە ئا ئەوەندە درۆیەی کردیە، ئەوەندە سەری عالەمێی شکاند، ئەوەندە شەڕی کرد ئەوها، سەکەتاتی کرد ئەوها، قۆری عالەمێی بڕی، ئەگەر ئینسانەکە خراپ بی، ئەگەر چاکیش بی ئەوەندە بەڕەحمە، ئەوەندە در پەروەرە، ئەوەندە خێرومەندە، ئەوەندە چاکەکەرە....... إلی اخرە.

دیارە ئا ئەو سێ چار نەفەرە خەدیجە وە علی وە زەید ئا ئەوەندە ئیجابیات و خولوقی چاکیان لە پێغەمبەری دیتیە زانیتیان بە هیچ نەوعەکی ئەو ئینسانە خیلاف ناکا وە خیلاف نارێ، کە گوتی عیلاقەم لەگەر ئاسمان پەیاکردیە وەحیم لە بۆ دێ یەکسەر ئیمانیان پێ هینایە، ئەوە عەظیمترین نیشانە، نەخۆ دەبا خەدیجە برێ چونکی هەموو خصوصیاتی بەشەر لەکن ژنیتی، إن شاء الله ئەوەی ژنی نەینایە ژنی دەینی، هەموو خصوصیاتی بەشەر، نوقاتی ضوعفی بەشەر ئی نەفسی وە ئی بەدەنی لەکن ژنیتی، ژنی باشترین کەسە بیناسی، لۆیە موتەلاصیقترین ئینسان بە نبووەتی (محمد)ی خەدیجە بوو، هیچ تەرەدودی نەبوو بە هیچ نەوعەکی، تەسلیم بوونی حەزرەتی خەدیجە لە بۆ نوبووەت سەتا سەد بوو، هیچ مەجالی شکو دودڵی نەبوو، لۆ؟ چونکی زۆر موتەلاصیق بوو لەگەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، هەرچی صفاتی ئیجابی بوو لە هەموو بەشەرییەت لە پێغەمبەری جەمع ببوو، بە میکرۆسکۆب لێی دەگەڕا چ صیفاتی سلبی لێ نەدیتبوو، لۆیێش کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیعلام دەکا ئەمن نەبیمە یەکسەر ئەوە ئیمانی پێ دەینی، ئیعتڕافی پێ دەکا، ئا ئەوانە ئیمانی پێ دەینن.

به ئیحتیکاك بێینه سەر دیراسەی شەخصییەتی ئەبوبەکر، ئەبوبەکر ساڵەك یا دوو ساڵ له پێغەمبەری گچکەتره عومرەن، کابرایەکی ملیۆنێر، دەولەمەند له قەبیلەی خۆی، مەعڕوف وه مەقبول، له ناو قوڕەیشیان مەعڕوفه، قسەی ناشکێنن، وەله ناو عەشیرەتیشی خۆی هیچ ڕەئیەکیان نەدەدا گەوره عەظیم هەتا ئیستیشارەیان بەوی نەکردبا، کابرایەکه زۆر سەفەراتی کردیه، زیارەتی زۆر کردیه، چووبته چ مەنطیقەکی یەقەی عولەمای دینی ئەو جێیەی گرتیه، پرسیتی له موستەقبەل، موستەقبەل چییه به تەصەوڕاتینگۆ؟ ئەوجه له یەهود بی، له نەصاڕا بی، لەبتپەرست بی، ئاتەش پەرست بی، سەفەراتی زۆری کردیه ئەبوبەکر له عومری خۆی، کابرایەکی تاجیر بووه، تیجارەتەکەشی له ناو مەککه نەبووه، هاتوچونی زۆر بووه له بۆ خاریجی مەککه، یەعنی کابرا مستەورید بووه وەکی مستەوریدینی ئەوڕۆ، عیلاقەی لەگەر خاریج بووه، غەراضی له خاریج کڕیه له شام و لەحەضرەمەوت و لەیەمەن هینایتی له ناو مەککه به جوملە فرۆشتیتی دیسان چوویته سەفەر ئەوها بووه، ئەوه شەخصیەتی ئەبوبەکر.

ژنی، چار منداری، که خۆی موسڵمان دەبی سێ منداریشی ئەسماء وه عائیشه وه عبدالله دەبنه موسڵمان، بابی قوحافه کابرایەکی چاوکۆر بووه، قیچەك در ڕەق بووه لەگەری.

ئیختیصاصی ئەبوبەکر له ناو موجتەمەعی خۆی نەسسابه بووه، نەسسابه وەکو برێین تەشبیهـ نەبی دائیرەی ئیحصاء، دائیرەی ئیحصاء که ئیحصاء دەکرێ دێنه ناو ماران، هەر مارەك چەند نەفەری تێدابی، هەوییاتی نەفەرەکان، عومریان، طولیان، عورضیان، مەقامیان، مستەوای عیلمیان، هەتا چەند مریشکیان هەبی هەمووی دەنووسن.

ئەبوبەکر نەك هەر ئەوەندە هەتا شەخصییاتی عەڕەب له دەوروبەری خۆی، له ناو قەبیلەی خۆی نەفەر نەفەر ناسییه، نوقاطی قوه و ضوعفی ئەو نەفەرانەشی کەشف کردیه قابلییەتەکی ئەوهای هەبووه، لۆیه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چەند جار تەحەڕوکی کردبی له ناو داخیلی دائیرەی مەککه یان خاریجی دائیرەی مەککه ئیستیشارەی به ئەبوبەکر کردییه، وه تەقاریری موفەصەلی شەخصی لەو عەناصڕانه وەرگرتیه، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم له ئەبوبەکر وەرگرتیه به موقابلی ئەوعەناصڕانەی که دەیەوێ حەڕەکەت بکا ئیمان و ئیسلامی تەبلیغ بکا.

لۆیێ که پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر کێ قسەی کردبی لەگەر چ ئینسانەك ئینسانی دووەم نەفسی قسەی لەگەر نەکردیه، نەفسی ئوسلوب قسەی لەگەر نەکردیه به طولی تاریخ، به طولی قوڕئان چ دەلیلەك نییه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم به یەك ئوسلوب دەعوەی کردبی ئیلا موختەلیف بووه، ئیختیلافەکەش لەوەی هاتیه ذاتی ئینسانەکان له طەبائیع موختەلیف بووینه،

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیراسەی ئینسانەکەی کردیە عەن طەریقی ئەبوبەکر، عەن فیراسەتی خۆی، عەن طەڕیقی ئیبلاغی مەلائیکەت لە بۆ ئەو ذاتەی، ئەوجە پاشان حەڕەکەی کردیە لە سەر ئینسانەکەی، لۆیێ نادیرەن بووە بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیللا ئەوانەی کە رب العالمین بە کافر خەلقیانی کردیە ئیللا ئەوان ئیستیجابەیان نەبووە، نەخۆ ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەبلیغی کردبن موسوڵمان بووینە، ئەوە مەقامی ئەبوبەکر لەکن پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم.

لۆیێ لە سوڕەتی الاعلی جارێ دەعوە نییە چونکی رەسول نییە، ئەمری پێ ناکرێ (ادع إلى سبيل ربك) (النحل ١٢٥)، جارێ نەبوویتە رەسول، ئیننەما هەر ئەوەندە رب العالمین ئیشارەتەکی گجکەی ضوء الأخضر دەداتێ، دەفەرمی: (فذكر إن نفعت الذكرى)(الأعلى ٩)، ذەککر، بەس تەذکیریان کە، تەذکیر چییە؟ مەثەلەن ئەمن و ئەو برادەرە پێکەوە دانیشتینە لە جێیەکی بە غەیر موباشیر پێی برێم ئەرێ والله ئینسانی چاك دەبی ئەوها بی، فلان بی، فلتان بی، دەبی مواصەفاتی چاکی ئەوهایە دەبی ئەگەر ئینسان بیەوێ چاك بی ئەوە چاکییە مەقصەدم ئەوە، ئەتوو وەرە چاك بە، بەوەی دەگوترێ (الذكرى)، (فذكر إن نفعت) ئەگەر مەنفەعەتی تەذکیرە هەبوو.

ئیذەن دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ناو مێشکی خۆی ئەسبابی مەنفەعەت تیعداد کا، لە ناو مێشکی خۆی دابنی ئایا فیعلەن ئەگەر هاتوو ئەمن ئا ئەو نەفەرەم ئیختیار کرد مەنفەعەتی هەیە تەذکیری کەم؟ ئەگەر مەنفەعەتی هەبوو تەذکیری کرد، ئەگەر مەنفەعەتی نەبوو یکتم، (فذكر إن نفعت الذكرى) باری تەعالان لە بۆی تەعریف دەکا: (سيذكر من يخشى)(الأعلى١٠)، دوو فیئەی فەصل کرد: ((سیذکر) و (من یخشى)، یخشى ماذا؟ موطلەقە، جارێ باری تەعالا ئەوەی نەکردیە، (ويتجنبها الأشقى الذي يصلى النار الكبرى) ئەوە ضەوئی رۆژی ئاخیرەتە.

ئیذەن ئیعلام دەکا رب العالمین بە غەیر موباشر لە بۆ محمد وە لە بۆ صەحابەکان رۆژی قیامەت هەیە، وە رۆژی قیامەتیش هەیە (ويتجنبها الأشقى الذي يصلى النار الكبرى ثم لا يموت فيها ولا يحيى) (الأعلى١٠،١٣)، ئەو هەموو وەصفانە لە بۆ جەهەننەمیین، هەتا ئێستا بەحسی جەهەننەم نەهاتبوو، ئەوە ئێستا باری تەعالا سەبر سەبر لە رۆژی ئاخیرت دەدا، ئیمان ئەوهایە، باری تەعالا بەحسی مەلائیکەت ناکا بەحسی قوڕئان ناکا، بیدایەت ڕبوبییەتە پاشان یەومی ئاخیرەتە ئەوجە پاشان صیفاتیتکە دێ دەبێ ئینسان ئیمانی پێ بینی.

دروست بوونی ئیمان بەو نەوعەیە: ئەوەڵەن ئیمان بە ربوبییەتی رب العالمین، لە سەتا هەشتای ئیمان ئەوەیە، ئەوجە پاشان ئیمان بە رۆژی ئاخیرەت، قیامەت، رۆژی ئاخیرەتیش فەصل دەبی لەیەکتر، جەهەننەم هەیە (ويتجنبها الأشقى الذي يصلى النار الكبرى ثم لا يموت فيها ولا يحيى قد

أفلح من تزكى)، (تزكى) يەعنى زەكات دان نييە ها، لە قورئان (تزكى) يەعنى (ينمو)، ماذا يونەمى؟ ئيمانە، ئەها لە سورەتى (قد أفلح من تزكى، وذكر اسم ربە فصلى) (الأعلى١٥) (وذكر اسم ربە) (واذكر اسم ربك) لێرەش ديسان ئيعادە و تيكرارە (وذكر اسم ربە فصلى)، ديارە لەو فەترەيەى نوێژ لە سەر پێغەمبەر صلى الله عليە وسلم واجب بووە، ئەمما كە هات پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم تەذكيرەى كرد، جوزئەك لەو تەذكيرەيەى ئائەو حالەتەيە ئەو قيام و ڕكوعەيە كە پێغەمبەر صلى الله عليە وسلم دەيكا بە ناوى نوێژ.

طەبعەن نوێژى ئەو وەقت وەكى نوێژى مە نەبووە، نوێژيان نەوعەكيتكە بووە، ئەقەلەن ركەعاتى كەمتر بووە، (بل تؤثرون الحياة الدنيا، والآخرة خير وأبقى، إن هذا لفي الصحف الأولى صحف إبراهيم وموسى)(الأعلى١٦- ١٩)) ئا ئەو قورئانە ئەو مەوضوعانەى كە ئێستا بەحس دەكرێ لە صوحوفى ئيبراهيم و موساش بەحس كرايە.

ئيذەن ئا ئەوە تەجميعى خەيرە، هەمووى كە لە سەر پێغەمبەر صلى الله عليە وسلم دێتە خوارێ ئيستيجماعى خەيرى صوحوفى ئيبراهيم و موسا و عيسا و داود و ئەنبياء و ڕوسولى سابقين، پێغەمبەر صلى الله عليە وسلم لێرە كان يذكر، كان يذكر لكن بهدوء، دەهاتە ناو بەيت نوێژى دەكرد، خەركەكە دەيان ديت، جارێ تەبليغى نەكردينە، كەسى تەبليغ نەكرديە، بەكەسى نەگۆتيە ئەمن نەبيمە، ئەمما دەهات مومارەسەى نوێژى دەكرد، نوێژى پێغەمبەرى لە گەر نوێژى عەرەبەكان موختەليفە، فەترەى بيدائى تەمەشايان دەكرد چييە ئەوە دەكاتن محمد؟ لۆيێ حەتتا وفودى غەيرى قورەيشى كە دەهاتنە ناومەككە ناو بەيت لە بۆ طەواف كە پێغەمبەريان دەديت پێيان تەعەجوب بووە، ئائەوە چييە ئەو مەوضوعە؟ ئەوە جارى عەلامەتى تەعەجوب و ئيستيفهام دروست دەكا، پێغەمبەر صلى الله عليە وسلم حەتمەن دەپرسن يان لەوى يان لە دەورو حەلەقاتى وى دەوروبەرى وى، چييە ئەوە دەكا؟

لە عەبباسيان دەپرسى مەثەلەن جارێ عەباس عەلا ئەساس لەو فەترەيەى موسوڵمان نەبووە، توججارەكان عەبباسيش تاجيرەكى ضەخمە، دەوڵەمەندە، كە توججار دەهاتن پێغەمبەريان دەديت ئەوە دەكا دەچوون دەيانپرسى چييە ئەوە؟ دەى گۆ ئەوە نوێژێ دەكا، باشە نوێژ چييە؟ دەيانگۆ ئەوە دەرێ بەو حەرەكاتەى ليقاء لەگەر رب العالمين دروست دەكەم، باشە رب العالمين كێيە؟ ئەها يەك لەدو يەكە مەوضوعەكە، عەباسيش دەيگۆ رب العالمين ئەو خاليقەيە محمد دەرێ كەونى هەمووى دروست كرديە، ساحێبيتى و مودەبيريتى و ئەول و ئەخير و إلى آخره، شتەك لە مێشكى كابرا دروست دەبوو، ئا ئەوە تەذكيرەيە، (فذكر إن نفعت الذكرى) خۆشى نەى كرديە.

ئەبوبەکر کە شەخصی یەکەم بوو حەلقەی وەسیط بەینی خۆی و بەینی خاریجی دائیرەی خۆی هەر ئەوەندە ئیشارەت لە پێغەمبەر وەردەگری، دەکرێ یارسول الله ئەمە ئەو بەحسانەی کە لە جەنابت گێمان لێ دەبێ نەقل کەین لە بۆ غەیر؟ لە بۆ غیر بەحس کەین؟ ئەمن سێ چار برادەرم هەیە حەزم لێیە ئەو خەیرە ئەو بەرەکاتە ئەو نەعەماتە ئەوانیش موشاریك بن لەگەرم، ئەتوو چ دەرێی؟ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم مومانەعە ناکا، یەکسەر ئەبوبەکر دێ برادەرەکانی خۆی تەصفیت دەکا لە مێشکی، ئەوە عوثمان بن مەضعونە، ئەوە عەمر بنو عاصە، ئەوە فلانە، فلانە، هەمووی تەصفیت دەکا، باشە کیهانیان لە هەموویان خولوق و سلوکی ئیجابی ترە؟

مەثەلەن: ڕیبای ناخوا، ظولمان ناکا، غەدر وغەش ناکا، خیانەت ناکا، ئەو سیفەتانەی تێدا مەوجودە یەعنی ئائەوە نزیکە لە بۆ دائرەی ئیمان، یەکسەر دەچو لەگە وان ئیحتیکاکی زیاتر دەکرد، لۆیی یەکەمین نەفەر کە ئەبوبەکر ئیختیاری کردبی عوثمان بن عەففانە، کابرایەکی زۆر حەلیم زۆر نەرم زۆر موحتەرەم، هەتا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم حەدیسی هەیە دەفەرمی: (ألا أستحي ممن یستحی منە الملائکة)، ئینسانەکی ئەوها بووە زۆر جار پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە حەدیسیتکە دەفەرمی: عوثمان خۆی شەرمی لە خۆی دەکرد، طەبیعەتی ئەوها بووە، حەلیم ترین ئینسان بووە لەمەککە.

یەکسەر ئەبوبکر سەبر سەبر بە ئەسپایی دەچی یەقەی وی دەگری، دیارە بەعضە قەواعیدی ئیمانیات لەکن ئەبوبکری بووە، لە پێغەمبەر وەریگرتیە، ئەویش هەر ئینسانەك خەیری تێدا بوو موستاهیلە لە بۆ وەرگرتنی دەعوەی، وە حەتمەن دەعوەش وەردەگری وە حەتمەن دەبتە عونصورەکی خەیریش لە ناو ئەو دینەی، ئەوە قائیمە بووە لە مێشکی ئەبوبکری، یەکسەر کە دەچی بە عوثمان بن عەففان دەرێ بەبێ تەرەدود عوثمانیش دەبتە موسڵمان، عوثمانیش ئەمری پێ نەکرایە حەلقەی خۆی گەورەتر کا، هەر نەفسی ئەبوبکر، دەورەمەندەکیتکە هەیە، ئەوانە هەمووی دەورەمەندن هەمووی توجاڕن.

شەخصی سێیەم طەلحەیە، طەلحە بن عبیداللە ئەویش ئینسانەکی هادیء و موتتەزن عاقل، دەچی بە سەبر بە هادئی بەویش دەرێ، عیلمەن ڕەمزی دەعوە مەوجودە ها موحەمەدە، ئەمما ئیتیصالی بەوانە نییە عیلاقەی بەوانە نییە، ئەوە وەکی خۆی وەکی ڕەمز شامیخ وەکی چیای لە بەیت مەوجودە، لۆیێ کەلیمەك هەیە لە هەموو سیرە بەحس دەکرێ سریة الدعوة) ئەوە لە ئیسلام نییە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم هیچ وەقتەك سرییەن دەعوەی نەکردیە، هەموو وەقتەکی دەعوەی عەلەنی بووە، هیچ وەقتەك پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە سری تەبلیغی نەکردیە هیچ وەقتەك،

هیچ دەلیلەك نییە لە قورئان پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە سڕی دەعوەی کردبی دەعوەی پێغەمبەری هەمووی عەلەنی بووە.

ئەمما تەنظیمی پێغەمبەری سڕی بووە، تەنظیمی محمد صلی الله علیە وسلم سڕی بووە، مەثەلەن جەمعەکی زۆر دروست دەکا بە ئوسلوبی خەیطی، مەثەلەن ئەبوبەکر مەسئولە ئەبوبەکر مەسئولە لە عوثمان، عیلاقەی بەینی ئەبوبەکر و بەینی عوثمانی مەوجودە بەس، حەلەقەی سێیەم کەس ناناسن، ئەبوبەکر ناناسن کێیە کە طەلحە دێ طەلحە بن عبیدالله، پاشان طەلحە عثمان ناناسی، دێ کە ئەبوبەکر حەڕەکە بکا لە سەر نەفەری چارەم و پێنجەم دیسان خەیطی حەڕەکە دەکا نەشاط دەکا، عیلمەن رەمز لەوێ مەوجودە، ئیحتیکاك ناکا، نەشاط ناکا پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، لۆیێ جوللی صەحابە مەجموعەی یەکەم رەعیلی یەکەم کە بووینە موسڵمان عەن طەریقی ئەبوبەکری بووینە موسڵمان، دەلیلەکمان نییە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم خۆی نەشاطی هەبوبی لە فەتەراتی یەکەمی دەعوە لە فەترەی نوبووەت، ئەمما خۆی دائیمەن لە پێش چاو بووە لە ناوبەیت نوێژ دەکا، خەدیجە دێ نوێژی لەگەر دەکا، ئیمامی عەلی دێ نوێژی لەگەر دەکا، ئەوانە هەموو أهل البیت بووینە لەگەری ترسی لە سەر وانە نەبووە، لۆیێش عەلاماتی تەعەججوب و عیلاقەی ئیجابی بەینی خۆی و بەینی حەتتا جالییاتی یەهودی و مەسیحی لەو فەترەیەی دروست دەکا.

مەثەلەن یەهود یەهودی مەککە نەك یەهودی مەدینە موختەلیف بووینە لەگەر ئەو دوو طائیفەیە موختەلیف بووینە، یەهودی مەککە کە هاتینە تەماشای پێغەمبەریان کردیە کأنە پێغەمبەر لە بیدایەت نەوعە تەوەدودەکیشی هەبووە لە بۆ یەهودی مەککە وە لە بۆ نەصارای مەککە، ئەمەلی هەبووە ئەوانە ببنە موسڵمان لۆیێ جوللی ئایاتی مەککی کە دێتە خوارێ بەنسبەت یەهود و نصارا پێیان دەگوترێ: (یا أهل الکتاب) (المائدة٧٧)، ئەوە ئیعتیبار و تەقدیر دانانە لە بۆیان، (یا أهل الکتاب) یەعنی ئەی جەماعەتی ئینجیل و تەوڕات، عیلمەن ئینجیل و تەوڕاتەکەش موحەڕەف بوو، ئەمما باری تەعالا ئیعتیبار و تەقدیریان لە بۆ دادەنێ، لۆ؟ نەوعە جازیبییەتەك دروست ببی لە بۆ ئەو کتابەی کە ذیکری کرایە لە ناو کتابی وان وە ئەو رەسولەی کە ناوی هاتیە لە ناو کتابی وان.

بەو ئوسلوبەی خەیطییەی ئەبوبەکر حەڕەکە دەکا، پاشان لە بۆ زوبێر بن عەوام پاشان سەعد بن ئەبی وەقاص ئەوە وەجبەی یەکەم، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەرێ راوەستە جارێ با دائیرە گەورە نەبێ، کە تەماشا دەکا ئیستیعاب هەیە، کەلیمەی ئیسلام بوون وە ئیمان هینان وە ڕیسالە وە محمد نەببی نەشر بوو لە ناو مەککە، ئەمما مەشاکیل نییە هەتا ئێستا، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بەحسی صەنەمانی نەکردیە، موشکیلەی لۆ خۆی دروست نەکردیە جارێ، إن جازالتعبیر بەین

قەوسەین لۆ چونکی کێ تەعلیمی دەکا؟ مەلائیکە، لە سەر عارد مەلائیکەت دەرێ ئەوها بکە، ئەوها فلان زەمەن برۆ ناو بەیت نوێژ بکە، ئەو وەقتەش نوێژ بکە، ئەو هاش بە ئەبوبەکر بلێ برێ ئەوها بکا ئەبوبەکر، ئەوانە هەمووی عەن طەڕیقی وەحی بوونە.

ئەوجە سەبر سەبر نەشاطی پێغەمبەر تەکثیف تر دەبێ وە نەشاطی ئەبوبکری تەکثیف تر دەبی، ئەبوبکر سەبر سەبر تەفە ڕوغ دەکا لە بۆ دەعوە، ئینسیحاب دەکا لە تیجارەت، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەئمینی حەیاتی بکا، تەئمینی حەیاتی عائیلەی بکا ئیقتیصادیەن کابرا دەورەمەند بوو، إن شاء الله ئەگەر خوا تەوفیق بدا دروسی لاحیق وەختیتکە لە خزمەتتان دێینە سەر ئا ئەو مەواضیعانەی کە پاشی ئەبوبەکر کو خۆی مومارەسەی کردییە، عەدەدی موسلمانەکان کو بووە.

ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سەبر سەبر هاتیتە ناو دەعوە، مومارەسەی دەعوەی کردیە، ئەوجە پاشان هاتە سەر ئەو فەترەیەی کە ئیعلانی کردیە بە یەکجاری، ئەویش بە تەسەلسول یەکەمین ئەقاریب و ناسیارەکانی خۆی، پاشان ئەوجە ئەوانەی کە ئیعتباریان لۆ دادەنێ لە ئەصحابی عەقڵ دەعوەتیان دەکا لە بۆ ماڵێ، ئەوجە پاشان عامە لە سەر صەفا ڕادەوستی، ئەوانە هەمووی مەرحەلیەتی دەعوەی پێغەمبەری بووینە لە فەترەی یەکەم و دووەم و سێیەمی مەککە.

یەك شت ڕەئیسی هەیە لە ناو مەوضوع ئەویش مەقصودە لەو دەرسەی ئەویش ئەوەیە: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە دەعوەی کردیە یان ئەبوبەکر کە دەعوەی کردیە بە یەك شت دەعوەیان کردیە، چ وەقتەك ئیعلاناتیان پێ نەبووە هەتا ئەو قوڕئانەی کە ئێستا لەکنە مە هەیە لەکنیان نەبووە، پێنج شەش سوڕەت هاتتە خوارێ هەر ئەوەندە، ئەوانەی کە ئیبلاغیش کراینە و کە هاتینە ناو ئیسلامیش ئەغلەبیان ئوممینە، ئیذەن بەواسطەی قوڕئان نەهاتینە ناو ئیسلام، بە یەك شت بەس ئەویش لە مامۆستاکەی خۆیان وەریان گرتیە خولوقی ئیجابی فەقەط.

بەواسطەی خلوقی ئیجابی فیعلەن تانیتیان شەخصییەتی ئیمانی خۆیان فەرض کەن لە سەر ئەو وەسطەی کە تێیدادەژین، لۆیێ طولی عومری پێغەمبەری ماعەدای پێغەمبەر طولی عومری ئەبوبەکر پێشی موسڵمان بوونی یەك سەقطەی تێدا نابینی، جارەك ئەو کابرایە زینای کردبی، جارەك عارەقی خوارد بی، جارەك موشکیلەکی دروست کردبی لە بۆ موجتەمەعی خۆی لە بۆ عەوائیل و وەسەطی خۆی، قسەکی شازو نادیری کردبی، مەعڕوف بووە دائیمەن بەچاکە، لە وەسەطی خۆی مەعڕوف بوو بە ئینسانەکی باش، ئا ئەو تەقدیر و ئیحتیرامەی کە ئەبوبەکر هەیبووە لە ناو موجتەمەع بەواسطەی خولوق و ئیجابیاتی خولوقی بووە، صیفەتی وەحیدی پێغەمبەر ئەوشتە بووە تانیتی بیداتە بەشەرییەت، لەبقی لەزمان نەبووە، تەفەنون نەبووە لە تەعابیر، زیرەکی نەبووە لە قسە

کردن، دبلوماسیەت نەبووە لە حەڕەکە، کابرایەکی صیحەفی ئیعلامی نەبووینە، خولوقیان ئەوها بووە.

که ئەوانە شەو مومارەسەی ئیمانیان کردیە ئیمان طەبع بووە لە قەلبیان، بەرۆژ ئەو ئیمانەیان تەحویل کردیە لە بۆ واقیع لە بۆ عەمەل، لە بۆ وجود، تەرجومەیان کردیە، خەرکەکە ئەو حالەتەی لەوانە دیتیە، مەثەلەن کە گۆتیتیان ئەمە سەعادەتی بەشەرمان دەوێ فیعلەن سەعادەتیان پیشانی بەشەر دایە، هەموو بەشەرەك قاطیبەتەن، کە گوتیتیان ئەم موئمینین بە الله وە الله ئەمر دەکا بەو نەوعە تەماس و ئیحتیکاك بکەین لەگەر ئینسان ئەبەو نەوعەی بووینە، لە ناو قەلبیان چار ڕویی و پێنچ ڕویی نەبووە لەگەر مەجموعەی خۆیان نەوعەك بن لەگەر جاهلییەت و کوفر نەوعەکیتکە بن، ئەوها نەبووینە، کو لەگەر خوای صادق بووینە لەگەر موئمینینیش صادق بووینە، لەگەر کەفەڕەش صادق بووینە، کو رب العالمین ئەوانی کردیتە سەبەبی ڕەحمەت لە بۆ خۆیان ئەوهاش بووینە سەبەبی ڕەحمەت حەتا لە بۆ کەفەڕە، موقابیل جاذبیەتی پەیا کردیە نەك عەن طەڕیقی سەیف.

نەك عەن طەڕیقی موحاوەڕات یان موجادەلات یان موناقەشات، مەجلیس و مێز دابنرێ، ئەمە مەجموعەی موسڵمان ئەنگۆش مەجموعەی کەفەڕە، دێین موناقەشەی دەکەین ئیسلام تەقدیم دەکەین، بوعدی ئیقتیصادی ئیسلام تەقدیم دەکەین، بوعدی ئیجتیماعی ئیسلام تەقدیم دەکەین، بوعدی سیاسی ئیسلام تەقدیم دەکەین، کێهانمان بردمانەوە ئەوجە ئەو وەختی ئەوی موقابیل تابیعی فیکری وی بی ئەوها نەبووە، ئیمان لە قەلبیان پڕ بووە، کە هاتینە لە بۆ حەیات مومارەسەی حەیات بکەن ئەو ئیمانە تەحویل بووە، لۆیێ ئیزدیواجییەتیان نەبووە بە هیچ نەوعەکی، فیئەك بووینە عەناصڕ بووینە لەگەر کەون بە ئیجابی حەڕەکەیان کردیە، لەگەر بەشەر بە ئیجابی حەڕەکەیان کردیە، لەگەر حەیوان بە ئیجابی حەڕەکەیان کردیە.

باشە ئەو ئیمانە کو ئیستیعاب کرایە؟ کو ئیمتیصاص کرایە؟ ئەو ئیمانە بەونەوعەی ئیمتیصاص و ئیستیعاب کرایە لە دروسی سابیق بەحسمان کرد کە فیعلەن الله بناسن کما هو، لە خوای بگەن کما هو، لا کما نتصور نحن ئەمە لە مێشکی خۆمان تەصەوڕات لە بۆ (الله)ی دابنێین، لۆیێ ئا ئەو ئایات و ئەو ئەوامیرانەی لە (الله)ی وەرگرتیە تەعامولیان پێ کردیە بەحەی نەك بێن بە ئوصول فقهـ، بە تەقنین کردنی ئەو ئایەتانە ئەوجە تەعامولی پێ بکەن، بێن توراثی بەشەر و فیکری بەشەری لە سەر دابنێین ئەوجە تەعامول لەگەل ئایات بکەن.

حەقیقەت بووینە لەگەر رب العالمین، عیلاقەیان صەحیح بووە، صادق بووینە لەگەر (الله)ی، ئەو صدقە نەقل بووە لە بۆ موجتەمەع، لۆ؟ عنوانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم الصادق پاشان الأمین،

ئەها پێشی وەحی ئەو بەحسانەمان هەموو کرد، دەبا ئەو صیفەتەی تێدا هەبی، باشە ئەوەی ئەو دینەی نەقل کردیە لە بۆ طەلحە و لە بۆ عوثمان بن مەضغون و عوثمان بن عەففان دەبی ئەوەش مومەثیلی وی بی؟ ئیذەن حەتمەن ئەبوبەکر کە هاتیە ئەو دینەی لە محمد وەرگرتیە تەحویلی کردیە لە بۆ غەیری محمد، لە بۆ دەوائیری غەیری محمد، تانیتی جاذبیەتی خۆی ئیمانی سەیطەرە پێ بکا لە سەر ئەو وەسەطەی کە تێیدا مەوجود بووە، لۆیە شخصیەك وەك عوثمان بن عەفان موناقەشەی لەگەر ناکا، ئەوەی ئەو ئیختیاری کردبی موناقەشەی لەگەر ناکا حەتتا کافر.

بیلال لە بن تەعذیبی دەستی ئا ئەو موجریمەیە، ئەویش تاجیرە لەقەطاطی موستەقبەلی إن شاءالله دێینە سەری ئەوانە یەك یەك وەردەگرین، ئەبوبەکر دێ بە ناوی تاجیر تەعامول لەگەر ئەو موجریمەی دەکا کە بیلال تەعذیب دەدا، سەیدی بیلالە، فیعلەن کابرا بە بوعدی تیجاریش ئەو کابرا لەگەری صادق بووە وەختی خۆی، نایەوێ غەشی لەو تیجارەتەی بکا، ئەو صەفقەیەی بن دەستی نایەوێ غەشی لێ بکا لۆیێ یەکسەر بیلالی دەداتێ بە سەد دینار، کابرا کافریش بوو، صدقی تیجاری صدقی ئیقتیصادی ئەبوبەکر ئەوەندە لە عومق بووە یەکسەر لەگەر کابرای کافر لە حەریجترین وەقت بیلال لە صنفی ئەبوبکرە، موئمینە، دوژمنی ئەو کابرایەیە، ئەبوبەکر دوژمنی ئەو کابرایەیە، کە مەوضوعی پارە هاتە گۆڕێ یەکسەر کابرا خۆی تەسلیم کرد، ئەگەر لە ناو داخیلی ئەو موجریمەی ئەو کافرەی قەناعەتی صادقانە نەبی بە ئەبوبەکر کو خۆی تەسلیم دەکا، یەکسەر گۆتی خذە، دەزانی چونکی غەشی لێناکا، لۆ؟ صادقە، ئەو صدقەی لەکێ هێنایە؟ لە ئیمانەکەی.

لۆیێ هەموو تەفەنونەك هەموو دبیلۆماسیەتەك هەموو زانیاریەك مەعلوماتەك فنونەك فایدەمان ناکا بەینی خۆمان و بەینی موجتەمەع، چونکی ئەوەی ئەمە دەمانەوێ بەتەفەنون لەگەریان بکەین ئەوان لەمە فەنانترن، ئەمە دەمانەوێ بەسیایەت لەگەریان بکەین ئەوان لەمە سیاسی ترن، ئەمە دەمانەوێ بە عەقل و زیرەکی لەگەریان بکەین ئەوان لەمە زیرەکترن هەموو کوشن، بەس بە یەك شت دەتانین لەگەریان بکەین بە ئیمان، لەگەر ئیمانی خۆمان لەگەر خوای صادق بین کە ئەوشتە لەوان مەفقودە، لە موقابیل ئەوە مەفقودە نییە، کە ئیحساس دەکا لێی مەفقودە چ وە لەو کابرایەی دەکا ئەوها صادق بی؟ الله، چ وەی لێ دەکا لەگەر کابرای موجریم غەش نەکا؟ لەگەر دوژمنی خوای غەش نەکا؟

تاریخی ئیسلام بخینن گەورەترین ویلایات لایەزالیش عەدەدی ضەخمترین عەدەدی موسڵمانی تێدایە بەبێ فتوحات موسڵمان بووینە، وەکو پاکستان و فلیپین و ئەفغانستان و ئەو مەنطیقانە فەتح نەکرایە، ئەندونیسیا سەت و بیست ملیۆنن بە سەیف فەتح نەکرایە، بە صدقی موسوڵمانان فەتح کرایە، لایەزالیش ئەوان لەمە چاکترن ئیمانیەن، پاکستانی لەمە چاکترن ئیمانیەن، ئا ئەو صدقەیە لەگەر

(الله)ی نەقل دەبی لە بۆ موجتەمەع لە بۆ بیئە، ئەمن چەند لەگەر خوای راست بم دەتانم ئەوەندەی نەقل کەم، لە سەتا پێنج راست بم لەگەر خوای لە سەتا پێنج دەتانم نەقل کەم، لۆیێ بزانن چەند کیتابات دەنوسرێ ئیسلامیات، چەند موئەلەفات دەنوسرێ، چەند شت طەبع دەکرێ، کوتوبی ئیسلامی و ثەقافاتی ئیسلامی، فیقهی ئیسلامی و فەهمی ئیسلامی، ئەمە هەمووشمان پەروەردە بووینە پێوەی.

ئەمما ئیمانی هەموومان جەمع کەین، ئیمانی هەموومان ئی هەمووی ئێستا، ئی کوڕەی ئەرز دەکاتە نیوەی ئیمانی أبوبکر؟ دەتانم سوند بخۆم برێم نەء، ئی هەمومان ئی کوڕەی ئەرز ئێستا هەمووی جەمع کەی ناکاتە ئیمانی ئیمامی عومەریش، ئەگەر هاتوو فیعلەن الکل یساوي جمع البعض، لۆ؟ چونکی ئەمە لەگەر خوای وەکی وان نینە، صدقی مە لەگەر رب العالمین خلوصی مە لەگەر رب العالمین وەکی وان نینە، لۆیێ لایوجد نفعا، با هەر ضیلال لەبەر کەین، باهەر مەعالیم دەرخ کەین، باهەر قورئان فێربین، نەمان تانیە حەلەقاتی غەیری خۆمان هەر لەناو دائیرەی مزگەفتێین نەمانتانیە بچینە خاریجی مزگەفت، جادە، دوکان، بازاڕ، لۆیێ تەماشای هابچینە بازار تەحەدا دەکەم دە قەصابمان هەبی موسڵمانی مولتەزیم، دە خەیاتمان هەبی موسڵمانی مولتەزیم، ئەوەی مەوجودە هەمووی موثەقەفی طەلەبەیە بەس، شەریحەکی گچکەین لەناو موجتەمەع، لۆ؟

لۆ ناتانین ئا ئەو ئیمانەی کە پێمانە تەحویلی کەین لە بۆ کابرای قەصاب بیکەینە موسڵمان؟ ئەویش وەکی مە غەش نەکا ئەگەر فیعلەن ئەمە غەشاش نەبین، وەکی مە درۆی نەکا ئەگەر فیعلەن ئەمە صادق بین، وەکی مە ئیجابیاتی هەبی کوشن، لۆ ناتانین؟ چونکی ئەمە ثەقافەی صدقمان پێیە، ثەقافەی ئیخلاصییەتمان پێیە نەك ئیخلاصییەت خۆی، ثەقافەی قورئانمان پێیە ثەقافەی ئیمانمان پێیە نەك ئیمان خۆی، ئیمان بە ثەقافە وەرناگیرێ ئیمان عەن طەڕیقی مومارەسەیە بە (قم اللیل) نەبی فایدەی نییە.

والله ئەمن لەگە خوای صادق نەبم فایدەی نییە لەگەر هەمووتان درۆیێ دەکەم، لەگەر خوای موخلیص نەبی لەگەر هەمووکەون غەش دەکەی، هەر ئەوەشە جسر دروست دەکا بەینی مەو بەینی موجتەمەع، ئیعلامیەن ناتانین، ثەقافیەن ناتانین، ئیقتصادییەن ناتانین، سیاسییەن ناتانین، ناتانین خلاص، کە ناتانین باشە ئەوان کو تانیان؟ ئەگەر فیعلەن ئەمە دەمانەوێ جیلی صەحوە حەڕەکە بکا نەشاط بکا لە بۆ غەیری خۆی لە صەحوەی ئیسلامی دەربچین.

کەفا ببتە صەحوەی ئیمانی، لە صەحوە حەڕەکات و نەشاطات و ظاهیری دەربچین ئاگای لە داخیلی خۆی بی، بینای خۆی بکا، لەداخیل بە ئیمان هینان عیلاقەی بەینی خۆی و رب العالمین رەبط کا

بەچ؟ بە قم الليل، بەوەی بزانین فیعلەن باری تەعالا رەقیبە، باری تەعالا حەسیبە، باری تەعالا بەصیرە، باری تەعالا قەیومە، (لا تأخذه سنة ولا نوم) (البقرة ٢٥٥) دائیمە باقیە حاضیرە مەوجودە بەو قەناعەتانە، بە ئەفعالی رب العالمين رب العالمین بە ئەسمائی رب العالمین ئائەوەیە حەیی.